

سابات

**برادەر گیان**

ئەزانی زۆر پەرش و بڵاوم خۆمم بۆ کۆناکرێتەوە و نازانم دێرەکانم چۆن بدرکێنم
باران  وردە وردە دەدات لەپەنجەری ژوورەکەم و لق و پۆپی دار (لیمۆکە) دەشـــواتەوە
گوێم لەقاقای زەویە، کەباران گۆنای ماچ دەکات. چەندە تامەزرۆی دیداری یەکین
توونـد تووند ئامێز دەکەن بەیەکدا دڵـۆپە بارانەکان خێرا خێرا بەناو زەویدا ڕۆ دەچن
من لە ئەشکی هەورەکان دەگەم کاتێک بەدرێژای هاوینێکی ووشک و گەرم  چاوری
دیداری زەوی دەکەن.. من دەزانم لای ئەوان چرکە چەندە دەرەنگ دەروات و رۆژەکان چەندە
بەســـەختی دەگوزەرێنن بۆیە هێندە تامەزرۆی ســـەیرکردنی دیمەنی بەیەک گەیشتنیانم رێک ئەو چرکە
لیمویانم بیر دێتەوە کە لە ســـوچیکی ئەم شارە من و تۆ جاومان کەوت بەیەکدا نەمانزانی  پێ بکەنین
یان بگرین ...
باوش بکەین بەیەکدیدا یان لە دووری یەک بین ....
ئەها جوان بیرمە  ئەوکاتەی تۆ دەستت بۆ قژە رەشـــە قەترانیەکەم برد و ووتت:
تاڵــەکانی قــژت بە کراوەی جوانترە  ئیتر جیتر گوڵ مەدە لەسەرت....
من قاقایەکم کردوو ســـەیری چاوەکانتم کرد و ووتم ئیتر  هیندە بە تامەزرۆیەو ســـەیرم مەکە
ئاخر  باڵندەکان لەئاسمانەوە درک بەو دیدارە دەکەن ناترسی نهێنی ئەم بەیەک گەیشتنەمان بدرکێنن......
ئای برادەر گیان
ئەو نامەیەمم جیاواز ترە لەوانیتر ، چەندین جار هەلسام و ســـەیری پەنجەرەکەم کرد
دەمەویست  هەموو نهێنیەکانی بەیەک گەیشتنی زەوی و باران بزانم
من نیازمە تابلۆیەکی رەنگین بنەخشێنم . تنۆکە باران و ماچی زەوی و گەلا زەردەکانی پایز
لە نێو تابلۆکەم رەنگ بداتەوە خۆشم بەکراسە سـپییە ئاوریشمیەکەی بەرم ســەما لەگەل ریتمی هەموو
بەیەک گەیشتەکان بکەم ....
دەمەوێت گەر بە خــەیالیش بێت دەستت بگرم لەگەل تۆ دوور دوور برۆم
لەوی لەو ســـەر زەمین نیشتەجی بین، کەنیازمان بوو خانویەکی لە قور و تەنها دوو کورسی و یەک
مێزمان هەبێت ...نیازمان بووو یەک ســەرین جێگای هەردووکمان بێت
من ســـەر بخەمە ســـەر سینگی تۆ و تۆش وردە وردە جیرۆکی شیرینی دڵــداریمانم بۆ باس بکەی ..لە
گەل هەر کۆتاییەکا بمهێنیتەوە سەرتا و پێم بلێ ئەها بیرتە لە کام کۆلان تۆم بینی ....
چەند تامەزرۆم برادەرگیان لەسەر بالی هەورێک بگەمە لات
پێت بلێم: ســـەیرکە پاییز چ وەرزێکی ســـەرسورهێنەرە و منی لەگەڵ خۆی بۆ تۆ هێنا
هەموو ئەو خــەیالانە و ســـەدانی تر وەک ئەو تنۆکە بارانە دەرژێت بەسەر خەیالی جەنجاڵی مندا وردە
وردە خەریکە هەناسەم تەنگ دەبێت ناجارم  پێنوسەکەم دابنێم و
رابکەمە بەر باران بەلکە هەر هیج نەبێت تۆزێک لەو خــۆشبەختەیە بە منیش بگات
دووبارە نازانم نامەکەم بە تۆ دەگات یان نا. تەنها دەنووسم بە قەت هەموو دڵــۆپە بارانەکان
خـــــــــۆشم دەوێت.